باڤە تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریکرد لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی باڤە تاڵەبانی بڵاویکردەتەوە: "باڤە جەلال تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداریکرد لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن 2024، لە کۆنفرانسەکەدا توانی ڕاستەوخۆ پەیامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگەیەنێتە هاوڵە و هاوپەیمانان لە جیهاندا".

لە ماوەی کۆنفرانسەکەدا، باڤە تاڵەبانی چەندین کۆبوونەوەی بەشێوەی تایبەت و فەرمی لەگەڵ سەرکی حکومەتەکان، دیپلۆماتکاران، سیاسییەکان و شارەزا سەربازییەکاندا کرد تاوەکو بارودۆخی جدیی عیراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بگەیەنێتە سەرک و بەرپرسە باڵاکانی جیهان.

هاتووەش، سەرک باڤە جەختی لەو ڕاستییە کردەوە، شەڕ دژی ڕەکخراوە تیرۆریستییەکان کۆتایینەهاتووە و تیشکی خستەسەر ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی کە بەهۆی ململانێ هەرێمییەکانەوە بەرێکی ناوچەکەی گرتووە.

هەروەها پەویستیی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند، مانەوەی هێزەکان دەبێت بەشێوازێک بێت کە لەگەڵ خواست، پەویستییەکانی ئاشتی و سەقامگیریی ئەمنی ناوچەکەدا بگونجێت.